# خەباتی ئێمە بۆ هەڵوەشانەوەی بریاری بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و مافی پەنابەریتیە!

## خۆپیشاندانی جەماوەری پەنابەرانی کورد لەشاری یۆتۆبۆری

لە رێکەوتی 19–04–2007 کاتژمێر ( 15.000 تاکو 16.30 ) بە ئامادەبوونی نزیکەی 250 کەس، لەسەر بانگەوازی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە یۆتۆبۆری خۆپیشاندانێکی جەماوەری سازدرا بۆ وەستانەوە لە بەرامبەر بڕیاری درێژنەکردنەوەی ئیقامەی یەکساڵی بۆ 1400 کەیسی پەنابەرانی کوردی عیراقی و بریاری بە زۆر ناردنەوەی پەنابەران لەلایەن دائیرەی کۆچی سویدیەوە.

سەرەتا هاوڕێ فاتح بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی_یۆتۆبۆری وێڕای بەخێرهاتنی ئامادەبووان بەرنامەی خۆپیشاندانەکە کەلەلایەن " کۆمیتەی هاوکاری بۆ بەرگری لەپەنابەرانی کوردی عیراقی" ڕاگەیەند و داواکارییەکانی بۆ خۆپیشاندەران خستەڕوو کەبریتی بوولە:

1) هەڵوەشانەوەی بریاری بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و دانی ئیقامە بە پەنابەرانی کوردی عیراقی ...

2) ڕاوەستان لەدژی هەر ڕێککەوتن و بەندوبەستێک بۆ گێرانەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ کوردستان.

پاشان دەشتی جەمال، سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی، بەشداری لە خۆپێشاندانەکە کرد و لە ووتەیەکیدا تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەمڕۆ ئەو هێرشەی حکومەتی سوید دەیکات، هەمان ئەو هێرشەیە کە لەلایەن حکومەتەکانی بەریتانیا، فینلاندا و ئەلمانیا و تەواوی ئەوروپا ئەکرێتە سەر پەنابەران. تاکە رێگەچارەش بۆ لابردنی ئەو بەڵایە لەسەر شانی پەنابەران، رێکخراوبوون و یەکریزی و نارەزایەتی یەکگرتووانەی پەنابەرانە لەدەوری ڕێکخراوی دڵخوازی خۆیان...وەئەم خۆپیشاندانەی بەسەرەتای هەنگاوێکی سەرکەوتووانە لەقەڵەم دا بۆڕاوەستانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتی سویدی....

هاوکات لەسەر بارودۆخی سیاسی و نائەمنی عێراق و کوردستان قسەو باسی کرد و ئەوهۆکارانەی کەدیاردەی ڕووکردنە هەندەرانی کردۆتە نسیبی خەڵکی عێراق وکۆردستان...هەروەها بەڵێنی دا کە فیدراسیۆن بەوپەڕی تواناوە داکۆکی لەخواست ومافە ئینسانییەکانی پەنابەرانی کورد دەکات و ئامادەیە ڕێگەی جۆراوجۆری نارەزایەتی بگرێتە بەر بۆشکست پێهێنانی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانییە بەرامبەر بەپەنابەرانی کورد...

پاشان بەڕێز ئازاد ماواتی ، بە نوێنەرایەتی کۆمەڵە کوردییەکان وتاری پشتیوانی خۆی لەم خۆپیشاندانە راگەیاند،هەروەها دوو نوێنەري ریکخراوي ئینساني سویدی پەیامی پشتیوانی و هاوکاري خۆیان دا بە پەنابەراني کورد.

لە درێژەی خۆپێشاندانەکەدا،وەفدێک کەپێک هاتبوو لە( هاوڕێ فاتیح، دەشتی جەمال، ئازاد ماواتی، شیلان مجید، ڤیان کەریم) یاداشتنامەی نارەزایەتی بە ئیمزای زیاتر لە 4000 کەس بەنوێنەرایەتی خۆپێشاندەران خستەبەردەم بەرپرسانی " دائیرەی کۆچی سویدی لە یۆتۆبۆری " لەگەل بەیانی داخوازیەکان. وەڵامی بەرپرسان ئەوەبوو: کە ئێمە " دائیرەیەکی تەنفیزین" لە ئێستادا ناتوانین وەڵام بە ئێوە و داخوازیەکانتان بدەینەوە. بەڵام ئەم پەیامەی ئێوە بە سەرەوەی خۆمان ئەگەیەنین و لە نزیکترین کات پەیوەندیەک رێکدەخەین لەگەڵ بەرپرسانی باڵای دائیرەی کۆچ بۆ دانێشتن لەگەڵ ئێوە سەبارەت بەم کێشەیە. هاوکات بە نوێنەری دائیرەی کۆچی سویدی راگەیەندرا کە: پەنابەرانی ناڕازین بە سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەرانی کورد،لەکاتێکدا کە ئامادە نەبن بە وەڵام بەجێبەجێکردنی داواکارییەکانی پەنابەران، بەپێچەوانەوە حکومەتی سویدی لەسەرتاسەری وڵاتە ئەوروپییەکان بەرەوڕووی نارەزاییەتی گەورەی پەنابەران دەبێتەوە.

شایەنی ئاماژە پێکردنە خۆپیشاندەران بەدروشمی نا بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان...بەڵێ بۆمافی پەنابەری، مافی پەنابەری مافی ئینسانە بەیەک دەنگ دەوتەوە، هەروەها ژمارەیەک لە دەزگاکانی راگەیاندنی سویدی و کوردی لە خۆپیشاندانەکەدا ئامادەبوون.

لەکۆتایی خۆپیشاندانەکە وێرای پێداگری و درێژەپێدانی خۆپێشاندانی گەورەتر و سەراسەری تاکو بەدەستهێنانی مافی پەنابەریتی و پوچەڵکردنەوەی ئەو بڕیارە نائینسانیەی حکومەتی سوید.هاوکات بڕیاردرا بەناوی خۆپێشاندەرانەوە نامە ئاراستەی پەرلەمانی سویدی بکرێت و هەروەها نامەیەکی دیکەیش ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت و تەئکید لە جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە بکرێتەوە کە فیدارسێون ئاراستەی بەڕێز نێچیرڤان بەرزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کردبوو.

## کۆمیتەی هاوکاری بۆ بەرگری لە پەنابەرانی کوردی عیراقی

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە یۆتۆبۆری، ڕادیۆی هاوپشتی، کۆمەڵەی کوردی لە ئودڤالا، رێکخراوی ئازادی ژن لە عیراق-یۆتۆبۆری، ناوەندی کولتوری خوێندنی کوردی، کۆمەڵەی کولتوری کوردستان، کۆمەلەی کوردی لە یۆتۆبۆری، کۆمەڵەی بروسکەی رۆژهەڵات، یەکێتی کوردان، کۆمەڵەی ژنانی فەیلی، کۆمەڵەی ژنان لە یۆتۆبۆری، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان، کۆمەڵەی سۆسیال دیموکراتی کوردی، رێکخراوی ئاشتی و دیموکراتی کەرکوک، ناوەندی چاک لە یۆتۆبۆری، کۆمەڵەی پ.م دێرینەکان،**

2007-04-19